www.kurdistannet.org

# کرێکاران و یاسای کار لە کوردستاندا

قادر ڕەشید

کرێکاری نەقابیی دێرین

ساڵانێکی زۆرە کرێکارانی کوردستان بەتەمای یاسایەکی کارن کە بە شێوەیەکی ئەووتۆ گونجاو بێت و مافەکانیان بپارێزێت لە تاڵاوی خاوەنکار و لە یاسای کاری کۆن و بەسەرچووی بەزۆر سەپێنراو بە سەریاندا لەلایەن سەندیکای ملکەچی سەر بە ڕژێمەوە و ڕێگەیان بدرێ بە ئازادیی و دیموکراتییانە لە ڕێگای سەندیکای ڕاستەقینەی خۆیانەوە داکۆکیی لە خواستی چینایەتی خۆیان بکەن و گۆڕانکارییەك بکرێ لە ڕووی مافە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانیانەوە.

لەپاش ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی ئاداری 1991 بە هاوکاریی نەبەردانەی چینی کرێکاران ، باشوری کوردستانی بە عێراقەوە لکاو ئازاد کرا و سەندیکا داتاشراوەکانی کرێکاران و چین و توێژەکانی تری سەر بە ڕژێمی بەعس لە گۆڕنران و نەمان ، بەڵام چینی کرێکارانی هەمیشە چەوساوەی تینوی ڕزگاریی و دیموکراتیی ، ئەو دەرفەتەیان بۆ نەڕەخسا کە بتوانن سەربەخۆیی ڕێکخراوەیی سەندیکایی خۆیان بپارێزن و ببنە خاوەنی سەندیکای ڕاستەقینەی خۆیان و بتوانن گۆڕانکارییەك لە (یاسای کاری ژمارە 150 ی ساڵی1987)دا بکەن و لە مەرگەساتی بێکاریی و چەوسانەوەی خاوەنکار و کارگە چاوچنۆکەکان ڕزگاریان ببێ و ببنە هێزێکی کاریگەر و دەستڕۆیشتووی گەلەکەیان لە بڕیاردانی چارەنوسی خۆیان و چۆنێتی حوکمڕانێتی وڵاتەکەیان.

ئەوە بوو لە دوای ڕاپەڕینەوە بەرەیەکی سەندیکای کرێکارانیان لە نوێنەرانی کرێکارانی حیزبەکانی بەرەی کوردستانیی دامەزراند و بووە سیستمێکی هەتا هەتایی بۆیان. بۆ ڕاستیی ئەم باسە ، کاك هەنگاو عەبدوڵا خان سەرۆکی یەکێتی گشتیی سەندیکاکانی کرێکارانی کوردستان ، لە گفتوگۆیەکدا لە گۆڤاری گوڵان ژمارە 376 ، 2002/4/4 دا ئەڵێ: (لەدوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری 1991 دا سەندیکاکانی کرێکارانی کوردستان بە شێوەیەکی بەرەیی دەستی بە کارەکانی کردەوە تاکو ئێستاش ئەم سیستەمە بەرەییە لە کارکردنی سەندیکاکانی کرێکاراندا چ وەکو (یەکێتی گشتی سەندیکاکانی کرێکارانی کوردستان) و چ وەکو یەکێتی سەندیکاکانی کرێکارانی پارێزگاکان واتا لقەکان لە کارکردن بەردەوامن).

جا ئەم سیستەمەی کە بۆ فلان حیزب ئەوەندە کورسی و بۆ فلانی تر ئەوەندە کورسی ، ئەمە خۆی لە خۆیدا دەستتێوەردانێکی ڕاستەوخۆی نادیموکراتییانە بوو لە مافی ڕەوای کرێکاران و ڕێکخراوەکەیاندا ، لەدەستدانی سەربەخۆیی و ئازادیی دیموکراتیی کاری نەقابەگەرییان بوو ، وابەستەکردنی چارەنوسی سەندیکاکانیان بوو بە خواستی حیزبایەتی تەسکەوە ، بۆیە ئەبینین لە پاش ڕاپەڕینەوە تا ئەمڕۆ هیچ گۆڕانکارییەکی ئەووتۆ لە باری گوزەرانیی و کۆمەڵایەتی کرێکاران و یاسای کار و ئازادیی و دیموکراتیی ڕێکخراوەییان وەك پێویست بەدی نەکراوە.

www.kurdistannet.org

بۆ نمونه ئەو یاسای کاره نارەوایەی که ڕژێمی بەعس لەساڵی 1970 و 1987 دا به بێ خواست و ویستی کرێکاران سەپاندوویەتی به سەریاندا ، تا ئەمڕۆش له لایەن هەردوو حکومەتەکەی باشوری کوردستانەوه پەیرەو ئەکرێ !.

ئەمڕۆ له کوردستاندا ڕێژەی بێکاریی له ڕیزی کرێکاراندا دەیان ئەوەندەی جاران زیادی کردووه!. دەرکردنی به بێ هۆ و به ئارەزوو بەردەوامه ، موچەی کرێکاران له ئاستی دابینکردنی بژێوی ڕۆژانەدا نیه ، بەڵکوو به پێی ئارەزوومەندێتی خاوەن کارەکانه.

کرێکارانی کەرتی گشتیی واته حکومیی به پێی یاسای کاری سەردەمی بەعس ، هەروەك فەرمانبەر مامەڵەیان لەگەڵدا ئەکرێت!. کرێکاران له ڕێگای سەندیکاکانیانەوه ئاگایان له دەستکەوت و چۆنێتی دابەشکردنی داهاتی هەردوو حکومەتەکەیان نیه ، تەنانەت بێئاگان لەو بەرهەمەی که له ئەنجامی کاری ڕۆژانەی خۆیاندا زیاد ئەکات له کارگەکانیاندا ، تا بەو ڕێژەی زیادبوونەش واته ئەو قازانجەی خاوەنکار دەستی ئەکەوێت ، کرێکارەکانیش بتوانن بەپێی یاسا داوای زیادبوونی موچەی خۆیان بکەن ، هەر وەك له زۆربەی وڵاتانی دنیادا باوه.

سەندیکاکان ناتوانن دەرکردنی به بێ هۆ و به ئارەزوو ڕابگرن! هەروەها ناتوانن دەستتێوەردانی خاوەنکارگەکان ڕابگرن له هەردوو (کەرت)ـەکه و کەرتی تێکەڵاودا ، له کاری نەقابەگەریی کرێکاران و له پێشێلکردنی خواستەکانیان که له سنوری ملکەچییش تێپەڕیووه!.

کاك هەنگاو له چاوپێکەوتنەکەیدا ، بۆ دانانی پرۆژەی (یاسای کار)ی نوێ ئاماژەی بۆ نوێنەرانی پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی تەندروستیی و دارایی و ئابوری و بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کار و دابینکردنی کۆمەڵایەتی و مامۆستایانی زانکۆکان و نوێنەرانی ژوری بازرگانیی و خانەنشینەکان و گەلێ لایەنی تر کردووه و دوو نوێنەری سەندیکای کرێکارانیشی خستووەته پاڵیان. هەروەها ئەڵێ: (وابۆ 6 مانگ ئەچێ پرۆژەی یاسای کارو ڕێکخستنی سەندیکاکانی کرێکارانی کوردستان خراوەته بەردەم پەرلەمان و هێشتا بڕیاری لەسەر نەدراوه ، وەختێ پرۆژەکه له پەرلەمان تەواو بوو ئەوسا به شێوەیەکی یاسایی و ڕەسمی مامەڵه لەگەڵ حکومەت و لایەنه پەیوەندارەکان ئەکرێت ..).

شایانی باسه که لێرەدا سەرنج بۆ دوو خاڵ ڕابکێشین:

ـ زۆرینەی نوێنەرانی ئەو چین و توێژ ناوبراوانه ئەوەنده پەیوەندیی و شارەزاییان به یاسای کارەوه نیه و ئەم فره لایەنییەش مانای ئەنجام نەدانی پرۆژەکەیه ، دانانی یاسای کار بۆ کرێکاران پەیوەندیی به زانایان و پسپۆڕان و شارەزایان و یاساناسان و نوێنەره ڕاستەقینەکانی سەندیکاکان خۆیانەوه هەیە! ئەو نوێنەرانەی که به ویستی کرێکاران خۆیان هەڵبژێررابن ، نەك به خواست و بڕیاری حیزبەکان! وەك ئەو سیستەمەی کاك هەنگاو باسی کردووه و تا ئەمڕۆش هەر پەیڕەو ئەکرێت!.

ـ وا بۆ 11 ساڵ ئەچێت کوردستان ڕزگاری بووه له دەسەڵاتدارێتی ڕژێمی بەعس ، بەڵام هەر وەك دەرئەکەوێت له لێدوانەکەی کاك هەنگاودا ، تا ئێستاش هیچ پەیوەندیی و مامەڵەیەکی ڕەسمیی نەکراوه لەگەڵ خاوەنکار و حکومەتی هەرێمدا که (بەرپرسی کەرتی گشتییه) و تاڕادەیەکیش کەرتی تێکەڵاو ، واته گرفتەکانی کرێکاران وەك

www.kurdistannet.org

خۆیان ماونەتەوە و چاوەڕوانی بڕیاری پەرلـەمانن!

ئایا ئەم دواخستن و پشتگوێخستن و چاوەڕوانکردنەی ئەوەندە ساڵـە بۆ دانانی یاسایەکی نوێی گونجاو ، ڕاستە؟.

ئایا پەیوەندیی نیە بە بەرژەوەندی خاوەنکارەوە؟ درێژەدان نیە بە چەوسانەوە و قوربەسەریی چینی کرێکار؟ ئەو حیزبانەی دەسەڵاتدارن یا بێدەسەلاّت کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ خۆیان بە نوێنەرانی چینی کرێکاران و چەوساوە و هەژار دائەنێن! بەڵام لـە ئاستی ئەم دیاردەیەدا بێدەنگن و گوێی خۆیان کپکردووە و جێدەستیان دیار نیە!! هەر بۆیە ڕێژەی کرێکاران لـە ڕیزەکانیاندا بە ڕێژەیەکی کەم ئەبینرێن.

لـەم ساڵانەی دواییدا یاسا و سەندیکای نوێیان دامەزراند بۆ ڕۆژنامەنوسان ، پزیشکان ، سەیدەلـییەکان ، مامۆستایان ، ئەندازیاران ، پارێزەران ، هونەرمەندان و چەند پیشەیەکی بۆرجوای تر! بەڵام بۆ کرێکاران و جوتیاران لـە ئاستی یاسای کار و یاسای چارەسەری کشتوکاڵدا بە خواست و ویستی خۆیان  هیچ نەکرا!. لـێرەدا مەبەست و بەرژەوەندێکە زۆر بە زەقیی دەرئەکەوێت کە تا چ سنورێك چینە باڵادەستەکە بە سەریدا زاڵـە و خاوەنبڕیارە و بڕیارەکانیش ڕەواجی هەیە.

ئەمڕۆ چینی کرێکار لـە تەواوی وڵاتانی دنیادا لـە کێشەیەکی چینایەتی سەخت و دژواردایە لـەگەڵ ئەو خاوەنکارانەی جڵـەوی حوکمڕانییان گرتووەتەدەست و ئەوانەش کە لـە دەرەوەی دەسەڵاتن ، لـە هەوڵ کۆشش و دانانی پلانی بەردەوامدان بۆ ڕاونان و گرتن و دەرکردنی کرێکاران و لـەخشتەبردنی سەرکردەکانی سەندیکاکان و هەڵپەی سەپاندنی یاسایەکی کاری ئەووتۆ ئەکەن کە بەرژەوەندەکانی خۆیانی تیادا پارێزراوبێت و چۆك بە سەندیکاکان دابدەن و ڕێگای مانگرتن و کۆبوونەوەی گشتیی و خۆپێشاندان و چالاکیی و تێکۆشانی چینایەتی کرێکاران لاواز بکەن ، هەر وەك لـەم دواییەدا لـە ئیتالـیا ڕوویدا کە حکومەتی بەرلـیسکۆنی ویستی ئەو پاراگرافە لاببات لـە یاسای کاردا کە (خاوەنکار بۆی نیە بە بێ هۆ کرێکار دەربکات) ، واتە بە لابردنی ئەو پاراگرافە ئیتر دەرگا ئاواڵـە ئەبێت بۆ خاوەنکارەکان کە بە ئارەزووی خۆیان و بە بێ هۆ کرێکاران دەربکەن لـە کارگەکانیاندا ، ئەمەش بووە هۆی کوشتنی ئەو پرۆفیسۆرەی کە ئەو پێشنیازەی کرد بۆ بەرلـیسکۆنی و لـە لایەکی تریشەوە گەورەترین مانگرتن و خۆپێشاندانی کرێکاران کرا و زیاتر لـە سێ میلـیۆن کرێکار بەشدارییان تیادا کرد و لـەوانیش ئەو یەکێتی سەندیکای کرێکارانەی کە سەر بە بەرلـیسکۆنیخۆیەتی.

لـە وڵاتە عەرەبییەکانیشدا ئەم دیاردەیە زۆر بە زەقتر ڕەچاو ئەکرێ ، تەواوی سەندیکاکانی کرێکارانیان بە یاسای کاریشەوە کردووەتە ئامێرێکی وابەستە و ملـکەچی ڕژێمەکانی خۆیان.

کاك هەنگاو ئەڵـێ: (لـێرەدا دەتوانین بڵـێین سەندیکا ئەگەر لـە چوارچێوەی یاسایەك و بە پاڵپشتی حکومەت نەبێت ناتوانێت پارێزگاری لـە مافی کرێکاران بکات. هەروەها بۆداکۆکی کردن لـە مافەکانی کرێکاران هاوسەنگ و یەکسانیی لـە کاردا وەك ... ئەوانە هەمو بە دامەزراندنی نوسینگەکانی کار ، کە ئەمەش بە پشتیوانی و هاوکاری تەواوی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەبێت).

ئەمەی کاك هەنگاوی سەرۆکی یەکێتی سەندیکاکانی کرێکاران ، فەلـسەفەیەکی نوێ نیە کە یاسای کار و تەواوی سەندیکاکانی کرێکاران ئەبێ لـە چواچێوەیەکی وادا بن  کە حکومەتی هەرێم یاریدەدەریان بێت! نەك یاسایەك

www.kurdistannet.org

بێت لە چوارچێوەی توانا و خواست و ئارەزووەمەندێتی کرێکاران خۆیاندا بێت! ئەمەش بەو مانایە دێت کە ئەبێ یاسای کار و سەندیکاکان لەژێر ئارەزوومەندێتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بن تا بە پاڵپشتیی ئەوان سەندیکاکان بتوانن خواستەکانی کرێکاران بەدیبهێنن! دیارە کاك هەنگاو ئاگاداری مێژووی کار و تێکۆشانی ئاشکرا و نهێنی چینی کرێکارانی کوردستان نیە کە لە نزیکەی 50 ساڵ لەمەوبەرەوە واتە لە ساڵی 1953 وە چۆن زۆربەی کرێکاران بە کاری نەقابەگەریی نهێنییان ، دور لە نوسینگەکانی کارەوە ، دور لە خواست و ئارەزومەندێتی خاوەنکار و حکومەتەوە ، توانییان دەرکرنی بەئارەزوو و کەمکردنەوەی ماوەی کار و زیادکردنی موچەی ڕۆژانە و دامەزراندنی کرێکاران لە ڕێگەی نەقابە نهێنییەکانیانەوە و یارمەتی مادیی بۆ کرێکارانی بێکار دابینبکەن و ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕن بۆ گۆڕینی یاسای کاری ژمارە 72 ی ساڵی 1936 و چەسپاندنی کاری نەقابەگەریی ئاشکرا بۆ کرێکاران ، دور لە دەسەڵات و دەستتێوەردانی خاوەنکار و حکومەتی شای سەرکوتکەرەوە.

بۆ بەدیهێنانی ئەم دەستکەوتانەیان ڕێگای مانگرتنیشیان گرتووەتە بەر ، وەك مانگرتنە بەناوبانگەکەی کرێکارانی نەوتی کەرکوك لەساڵی 1946 لە گاورباخی و شۆفێرەکان و نانەواکان و بەرگدرووەکان لە ساڵی 1953 دا لە سلێمانی و دەیان چالاکیی تری کرێکارانی کوردستان.

نابێ ئەمڕۆ ئێمەی چینی کرێکار لە کوردستاندا ئەو ئەزمونە لە بیر بکەین یان ئەوەش فەرامۆش بکەین کە ئێستا هەردوو حکومەتەکەی هەرێمی کوردستان بەشێك نەبن لەو کێشەی چینایەتییە لەگەڵ چینی کرێکاردا لەبەرئەوەی ئەو دوو حکومەتە لێپرساو و خاوەنی کەرتی گشتیی و تا ڕادەیەکیش کەرتی تێکەڵاون ، واتە لە دوو سەنگەری جیاوازداین.

هیچ حکومەتێك لەم دنیایەدا پێخۆشحاڵ نیە و نایەوێت یاسایەکی گونجاوی سەرکەوتوو بۆ چینی کرێکار بڕەخسێت و کرێکاران ببنە هێزێکی بەتوانای داکۆکییکەر لە خەباتی ئابوری و کۆمەڵایەتیدا و سەرکەوتووبن لە ئەرکی نەقابەگەریی خۆیاندا.

ئەو حکومەتانە زۆر بێڕەحمانە بیر ئەکەنەوە و سەودا ئەکەن کە کرێکاران لە هۆشیاریی چینایەتییان بێبەش بکەن و وەك ڕۆبۆت کاریان تەنیا ئەرکی جێبەجێکردن بێ و بێهەست بن.

ئەو سەندیکایانەی بەتەمای هاویکاریی حکومەت بن بۆ بەدیهێنانی خواستە چینایەتییەکانیان ئەبێ بە بێ شێو سەربنێنەوە.

تا ئەمڕۆش کرێکارانی کەرتی گشتیی (حکومیی) لە کوردستانی ئازادکراودا بە یاسای کاری ژمارە 150 ی ساڵی 1987 وەك فەرمانبەر مامەڵەیان لەگەڵدا ئەکرێت و چارەنوسی مافی ڕەوای چینایەتیان نادیارە! ئەمەش لە خۆیدا چاو پۆشینێکە لە مافی ڕەوای کرێکاران و دور خستنەوەیانە لە تێکۆشانی چینایەتییان.

بۆ چارەسەری ئەم گرفتانە مەرجە کە کرێکاران لە سەرانسەری کوردستانی ئازادکراودا کۆنگرەی سەربەخۆی خۆیان ببەستن و بە یەك دەنگ و یەك بازوو بەپێی ویست و خواستی خۆیان بە هەڵبژاردنێکی ئازاد و دیموکراتییانە نوێنەرانی ڕاستەقینەی خۆیان هەڵبژێرن بۆ سەرکردایەتی سەندیکایەکی یەکگرتوو و لەو کۆنگرەیدا پڕۆژەی یاسای کار دەستنیشان بکەن بۆ لیژنەی باڵای یاساناسانی پەیوەنددار و بدرێتە پەرلەمان ، هەروەها دور

www.kurdistannet.org

بکەونەوە لە سیستمی بە ناو بەرەیی بۆ دامزراندنی سەندیکا و کاری سەندیکایی.

ئەمرۆ یەکێتی سەندیکای کرێکارانی کوردستان ، سەندیکای بەرەیەکی هەڵوەشاوەیە و پەیوەندیی بە خواستی کرێکارانەوە پساوە ، بۆیە نەیانتوانیوە بۆ داخوازیەکانی کرێکاران جێدەستیان دیار بێت ، هەروەك کاك هەنگاو لە کۆتایی دیدارەکەیدا ئەڵێ: خاڵێکی دیکەی گرنگ کەتا ئێستاش بۆ کرێکارانی کوردستان لای لێنەکراوەتەوە ، لە بڕیاری 986 هیچ حسابێکیان بۆ نەکراوە ، داوای (پشك)ێکی دیاری کراو لەداهاتی ئەم بڕیارە بۆ کرێکاران بە پاڵپشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستنیشان بکرێت).

ئەبووایە کاك هەنگاو سەرۆکی گشتیی یەکێتی سەندیکای کرێکاران ئەو داوایەی بە جۆرێکی تر بکردایە ، ئازایانە داوای لە چینی کرێکار بکردایە کە بە ڕێگەی تێکۆشانی ڕەوای نەقابەگەریی خۆیان داخوازییەکانیان مسۆگەر بکەن لە خاوەنکارە مشەخۆرە چاوچنۆکە چەوسێنەرەکانی کەرتی تایبەت و گشتیی و تێکەڵاو ، ئەم داوا و بۆچوونەی سەرۆك ، چینی کرێکاری لە ئاستی ئەرکە چینایەتییەکەی بە لاوە ئەنێ و کرێکاران وا ڕائەهێنێ دەست لەم و لەو پانبکەنەوە ، تا یارمەتییان بدرێت! لەبری ئەوەی داوای بکردایە کە ئەبێ یەکێتی سەندیکاکان لایەنێکی هاوبەشی بەکار بن لە سەرپەرشتییکردنی ئەو (پشکانە)ی بڕیاری 986 تا چ ڕادەیەك بە عادیلانە و بە بێ جیاوازیی و دەستتێوەردان دابەش ئەکرێت بە سەر هەموو چین و توێژەکانی گەلەکەدا! بۆ ئەوەی کە ئەو خەڵکەی وابەستەی هیچ حیزب و ڕێکخراوێك نین بەشخوراو نەبن!!.

هەروەها ئەبێ یەکێتی سەندیکاکان ئاگاداربن وەك لایەنێکی بەرپرسیار لە دەستتێوەردانی ڕژێمی بەغدا لە دواخستنی ئەو کەلوپەلانەی بۆ کوردستان دیاریکراوە ، وەك هێزێکی دەستڕۆیشتووی بەرژەوەنددار ئەبێ ڕۆڵی بە ئاگابوونی دیاریکراوی خۆیان ببینن لە کار و ئەرکی بیرۆکراتیی و کەمترخەمیی ئەو ڕێکخراوە بیانییانەی سەر بە UN ن لە جێبەجێکردنی ئەو پرۆژانەی لێی بەرپرسیارن ، وەك پرۆژەی ئاوەدانکردنەوە! هەر لە ئەنجامی ئەو لاوازییەی خۆیانە کە نەیانتوانیوە هاوبەش و ئاگاداربن لە چۆنێتی وەرگرتن و دابەشکردن و بەکارهێنانی ئەو بەروبومەی بڕیاری 986.

ئەبێ کاربەدەستان پەلە بکەن لە گۆڕینی یاسای کاری ئێکسپایەری ڕژێمی بەعس ، تا بڵێین چینی کرێکار لە سایەی ڕاپەڕینەکەیدا پشکێ لە ئاواتەکانیان هاتووەتە دی و بووەتە خاوەنی یاسایەکی کاری پێشکەوتنخوازانەی خۆی.

لەبەرئەوەی ئەمڕۆ چینی کرێکار لە کوردستاندا کۆڵەکەی پتەوی بەرەوپێشبردنی گۆڕانکارییەکانە لەسەر ئاستی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی وڵاتدا و ڕۆڵی کاریگەری خۆیان هەیە ، ئەشێ هەر لەو ڕوانگەیەوە وەك چینێکی بە توانا و وەك پێویست ڕێگەیان بۆ ئاسانبکرێ و حسابیان بۆ بکرێت.

ئەگەر لە لایەن هەردوو حوکمڕانەکەی باشوری کوردستانەوە بڕیاری ئەنجامدانی یاسایەکی گونجاوی کار بۆ کرێکارانی کوردستان بدرێت ، مانای باوەڕ بەخۆ بوونە و پشستبەستن و متمانەیە بە چینی کرێکار و یەکالاکردنەوەیەکی ئازایانەیە دژ بە دانەرانی یاسای کاری کۆن ، کە ئەویش بەعسی تاوانبارە.

هەرچەندە سەندیکای کرێکاران ڕێکخراوێکی ئابوری و کۆمەڵایەتییە ، بەلام زۆر جار لە ڕێگەی خۆپێشاندان و

www.kurdistannet.org

مانگرتن و کۆبوونەوەی جەماوەرییەوە خواستەکانیان ئەنجام ئەدرێ ، ئەمە خۆی لە خۆیدا ڕێبازێکی سیاسیە و ئەبێ پشتگیرییان بکرێ ، هەروەها لە هەموو ڕووداوێکی سیاسی عادیلانەدا کە لە بەرژەوەندی گەلدا بوو بێ ، کرێکاران و سەندیکاکانیان هەمیشە لە ڕیزی پێشەوەی قوربانییەکاندا بوون و دڵسۆزیی و خەمخۆریی خۆیان نواندووە.

بە بۆنەی یەکی ئایاری پیرۆزەوە لە تەواوی شارەکانی سویددا کرێکاران و ئەو چین و توێژانەی خۆیان بە خەمخۆری کرێکاران ئەزانن ، یان ئەو حیزب و سەندیکا سەربەخۆ و جیاجیایانە لە چەندان گۆڕەپانی شارەکاندا ڕێپێوانی خۆیان ساز ئەکەن و جەماوەرێکی زۆری تری دۆستی کرێکاران لەگەڵیاندا دروشمەکانی خۆیان بەرزئەکەنەوە و پڕ بە زاریان هوتاف ئەکێشن ، بەشێك لەو دروشمانەش کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە داخوازییەکانی کرێکارانی سویدیشەوە نیە بەرز ئەکرێتەوە ، بۆ نمونە : مەرگ و نەمان بۆسەدام و شارۆنی تاوانبار و ئەم دیکتاتۆرانە بدرێنە دادگای نێونەتەوەیی ... خەڵکە لێقەوماوەکانی وڵاتانی تریش بۆ داخوازییە ڕەواکانی خۆیان بە هەمان شێوە چالاکیی هەمەجۆرە ئەکەن ، ئەم دیاردەیە لە هەموو ئەورووپادا باوە ، بەڵام لە کوردستانی ئازادکراو و دیموکراتی ئێمەدا ئەم دیاردەیە بەو شێوەیە ڕەچاو ناکرێ کە حیزبەکان و سەندیکاکان بە خواستی خۆیان لە هەموو شار و شارۆچکەکاندا وەك مافێك بە ئازادیی ڕێپێوان و کۆبوونەوە و ئاهەنگی جیاجیای سەربەخۆی خۆیان سازبکەن و سکاڵای خۆیان ڕابگەیەنن.

چینی کرێکارانی کوردستان چینێکی هۆشیارە و خاوەنی ئەزمونێکی تێکۆشانی چینایەتی دور و درێژی سەخت و خوێناویی خۆیانن و ئەو ڕاستییەش باش ئەزانن کە ماف ئەسەنرێ و نادرێ.

زۆر جار برا نوسەرەکانمان لە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکاندا داکۆکیی لە گرفتەکانی کرێکاران ئەکەن ، بەڵام زۆربەی ناوەڕۆکی نوسینەکانیان خۆی لە ئەسڵی گرفتەکانیان نادات و پرۆژەیەکی واقعیانە و بابەتییانە بە پێی بارودۆخی ئەمڕۆی وڵات ناخەنە بەردەم پەیوەندداران.

تێبینی: ئەم وتارە نێرراوە بۆ گوڵان و تا ئێستا بڵاونەکراوەتەوە بۆیە وا لێرەدا بڵاوی ئەکەمەوە.

**2002–4–15**